


## ڕەنگا و ڕەنگ بۆ جوانکاری کراسەکەت



مۆدەکانی جلوبەرگ تاوەکو ئەمڕۆش لە دوای شێوازی تازە و جوان دەگەڕێت و دەدۆزێتەوە، ئەو مۆدانەی بەرچاون و دەتوانن شێوازێکی ناسك لە خۆیانەوە ببەخشن، ئەو شێوازە مۆدەیە بە جۆرێك جێگەی سەرەنجراکێشان و جوانی بێت. جوانی جلوبەرگ زیاتر لە ڕەنگ و شێوازی دروونەکەی دەردەکەوێت. ئەو دەستە کراسەی دانراوە وەك مۆدەیەکی گەورە و کراوە دادەنرێت، جوانی ئەو کراسانە لە جوانی ڕەنگەکەیەتی، لە چەندەها ڕەنگ پێکهاتووە و شێوە و جوانی پێوە دیارە.

ڕەنگەکانیش بریتییە لە: ڕەش – سوور – شین – زەرد – پەمەیی. گشت لەم جۆرە ڕەنگانەش مانای هێمنی و سەرەنجراکێشی دەبەخشێت و شێوەیەکی ناسك دەبەخشێت بە جەستەی خانمان.

## ڕەنگی دار بۆ جوانی ماڵ



تا بکرێت کاری جوانکاری بۆ دیکۆر ماڵ بکرێ، هێشتا زیاتر پێویستی بە دیکۆری ڕازاوەتر و جوانتر دەبێت، بەڵام هەر دیکۆرێك بە شێواز و جوانییەکی تایبەت دەردەکەوێت، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی ئەو دیکۆرە ناسکەی لەلایەن کەسی خاوەن ماڵەکە ئامادە دەکرێت و هەڵدەبژێردێت. ئەوەی دەیبینن مۆدەیەکی تازەیە لە بواری دیکۆرەکانی ناو ماڵ، بە جۆرێك دیکۆرێکە لە ڕەنگی قاوەیی دار، ئەو ڕەنگە دەبێتە ڕەنگی داری تازە پێگەیشتوو، ڕەنگی لەمجۆرەش شێوازێکی جوان و گەورەی پێوە دەردەکەوێت و دەکرێت، لە گشت لایەنێکی ماڵدا دابنرێت. بۆیە دەتوانین سوود لە ڕەنگە وەربگرین، هەروەها لە ڕەنگ و مۆدەی دار بۆ دیکۆری ماڵ.

## شێوازی ناسک و جوان بۆ هێمای خۆشەویستی



ئەڵقە هێمای هاوسەریەتی و پێکەوە ژیانی دوو هاوسەرە، هێمایەکە بۆ جوانی و شتێکی پیرۆزە لە پەنجەی هاوسەران، بەهۆی ئەوەی شتێکی گەورە و جوانە، بۆیە پێویستی بە جوانی و شێوازێکی ناسك دەبێت تاوەکو لە پەنجەکان و بە جوانییەکی گەورە دەربکەوێت. بەمەش دەتوانین لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو ئەڵقە جوانانە بۆ پەنجەکانی دەست دابنرێن. ئەو شێوازە ناسکانەی دەبینن بریتییە لە چەند مۆدەیەکی ناسك و جوان لە ئەڵقەکانی پەنجە بۆ خانمان و هاوسەران، یان ئەوانەی تازە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، جوانی ئەو ئەڵقانە لە جوانی و شێوازی نەخشەکەیەتی، بە جۆرێك جێگەی سەرەنجراکێشی و ناسکی لە خۆوە دەرگرێت.


## مـــۆدەی کـــ

ماکیاژەکان دەبێت بەوپەڕی جوانی و ناسکی بێت، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو شێوازە جوانانەیە بۆ ئەوەی ڕووخساری خانمان زیاتر جوانتر و ڕازاوەتر بکات، ئەو چەند مۆدێیەی لەمماکیاژانە بەدی









# ناسکی و سادەیی لە مۆدەی هاوینەی پێڵاودا




مۆدەی ئێکسسوارەکان بۆ خانمان بە هەر شێوەیەك بێت دەبێ لە جوانکاری و نزیکی لە سەرەنجراکێشی بێت، ئەمەش وەك ڕێگەیەك بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ شێوازی کەرەستە و ئێکسسوارەکانی هەر خانمێك، مانای ئەوەش دەبێت خانمان لێوەی ئاگادار بن و بتوانن بە جوانترین شێواز ئەو ئێکسسوارانە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی جوانی زیاتریان پێوە ببەخشێت. یەکێك لەو کەرەستە و ئێکسسوارە گرنگانە بریتییە لە پێڵاوی هاوینە بۆ گشت خانمان، بۆ گشت شوێن و کاتێك، هەروەها لەگەڵ گشت جۆرە جلوبەرگێك دەپۆشرێت، شێوازی ئەو پێڵاوانە جوا نییە کی گەورەی پێوە دیارە، ئەویش لە ناسکی و سادەیی نەخشەکانیەتی، وەکو لە وێنەکانی پێڵاوەکان دەبیینن، دەبێت بە گرنگی بە نەخشی سەرەوەی پێڵاوەکە بدرێت و زیاتر جوانتر دەربکەوێت.









## ...راوە بۆ لێوو رووومەتەکان

دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگێکی جوان لە ڕەنگی ئەساسەکە دانراوە، هەروەها ڕەنگی کراوەتر بۆ لێو و رووومەتەکانیش دانراوە. ماکیاژی لەمجۆرە بە ماکیاژی هێمن و ناسك دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگی چاوەکان و لێو جیاواز دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر کراوەیی و ناسکی پێوە دیار بێت. تەنانەت دەکرێت ڕەنگی لێویش وەك ڕەنگی ئەساسەکە بێت، بەڵام بە ڕەنگی (پەمەیی – سووری کراوە) زیاتر جوانتر دەبێت.









# مووی قژ بۆ هێلانە

یەکێك لە حاڵەتە سەیرەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گیانداران، ئەویش بریتییە لە نێوان چۆلەکەیەك و پیاوێکی بەریتانی، پەیوەندی نێوانیان بریتییە لە بەرژەوەندییەکی گشتی و تایبەتی بۆ چۆلەکەکە. جارێکیان (ماکماکهۆن) لە ماڵەکەی دەبێت و چۆلەکەیەك دێت و هەندێك مووی قژی دەبات و دەڕوات.

بۆ جاری دووەم و سێیەم دێتەوە، پیاوەکەش بەدوای دەکەوێت بزانێت قژی بۆ چییە ! کاتێك شوێنی هێلانەکەی دەبینێت، زۆربەی بەشی هێلانەکەی چۆلەکەکە لە مووی سەری ئەو پیاوە دروست کراوە لەلایەن چۆلەکەکە.

# کەس بۆی نییە ئەم دارە ببڕێتەوە



ئەوەی دەیبینن دارێکی دەستکرد نییە، تەنانەت کەسێك نەیتوانییوە دەستی لێبدات، ئەمەش کاتێك گرنگی و جوانی ئەو دارە دەزانرێت بۆیە بڕیارێکی بۆ دەردەکرێت نابێت هیچ کەسێك ئەو دارە ببڕێتەوە یان شتێکی لێبکات. لە وڵاتی (مالی )، دوای ئەوەی دارێك گەورە دەبێت بە جوانترین شێوەی نەخشی سرووشتی، بەبێ ئەوەی کاری بۆ بکرێت.


نەخشەکەی بریتییە لە نەخشی وەك (کەزی قژی کچان)، تەنانەت تەمەنی دارەکە دەگاتە نزیکەی زیاتر لە (١٠٠) ساڵ، بەمەش دەبێتە جوانترین و سەیرترین دار تا ئێستا دۆزرابێتەوە.

# کەسێک دەتوانـ

کارە سەیرەکان وەك هەنگاوێکی بیرۆکە جوانەکان ئەنجام دەدرێن و بە شێوەیەك دەبێتە بەرهەمێکی گەورە و سەیر لە داهاتوو، ئەمەش بە هۆی بیرۆکە سەیرەکانی ئەو کەسانەی کارەکان ئەنجام دەدەن. هونەرمەندی گەورەی چینی (لیۆ بۆلین) توانی ڕێچکەیەکی گەورە بشکێنێت









# سەگیش نمایشی جلوبەرگی هەیە

بۆ یەکەمجار لە وڵاتی روسیا توانیان سەیرترین نمایشی تایبەت بۆ سەگ ئەنجام بدەن، نمایشەکە بۆ کاری شەڕ و ئازایەتی و پاڵەوانی سەگ نەبوو، تەنانەت هەر لە شوێنی خۆیان وەستابوون، کەچی نمایشەکە بۆ چەندین جلوبەرگی تایبەت و جوان بوو بۆ هەر سەگێك، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی وڵاتی رووسیا گرنگی بە گیانداران نادان، بەڵام ئەمجارەیان کارێکی نمایشیان بۆ سەگ ئەنجامدا.

ئەمەش دەبێتە یەکێك لە چاولێکەرییەکانی نمایشی جلوبەرگ بۆ سەگ، بە جۆرێك هەر جلێك لەم جلانە بڕە پارەیەکی خەیاڵی و تایبەتیان بۆ سەرف دەکرێت.

## بچووکترین پشیلە



گیاندارە بچووکەکان، بە جۆرێك دەردەکەون دەبنە جێگەی سەرسوڕمانی مرۆڤ لەوەی چۆن بیری لێبکاتەوە و بزانێت شێوەی بەم شێوەیە گەیشتووە. ئەوەی دەیبینن بچووکترین پشیلەیە لە جیهان، تا ئێستا شتی لەم جۆرە لە هیچ حاڵەتێکی دیکەدا نەبینراوە. جۆرە پشیلەیەك هەیە لە وڵاتی (کەنەدا) بە شێوە بچووکی ناسراوە، هەر شێوەی خۆی بچووکە و ئەوەندەی دەستێکی مرۆڤ دەبێت. یەکێك لەم پشیلانەی ئەو وڵاتە ئەم بیچووەی دەبێت، هەروەکو سەرە پەنجەیەکی مرۆڤ دەبێت، لە وێنەکەدا دەیبینن و بزانن چەندە بچووکە!






## ـێت مرۆڤ ون بکات

لە ون کردنی مرۆڤ بەهۆی شێوە و وێنە سەیرەکان.

وەکو لە وێنەکاندا دەبینن چۆن مرۆڤ لەناو هەر شوێنێك بە رێژەیەکی کەمی چاو دەبینرێت، وەك ئەوەی شەبەحێك بێت، ئەمەش تەنیا بە تێکەڵکردنی شێوەکان لە شێوەی دیکەی دوای خۆی!

# ئۆتێلێک بەســ

هەنگاوە سەیرەکان بەرەو کاری سەیر و جوانتر ڕێگەیان گرتووە، بەمەش دەتوانن بەسەر ئەو لایەنانە زاڵ بن و بتوانن شێوازێکی دیکە لە سەیر و سەمەرە تۆمار بکەن، ئەوەی دەیبینن بالۆنەکانی هەوا نییە بۆ گەشتی ئاسمانی، ئەگەر بڵێن ئەوە ئوتێلە ڕەنگە باوەڕ نەکەن.





# وێنەکێشان بە بزمار

وێنەکێش و پەیکەرتاشێکی بەلجیکی بەناوی (بیکۆ فیشك) توانی لە ماوەی بیرۆکەیەکی سەیر کارێکی سەیر و گەورە ئەنجام بدات، بیرۆکەکەی سوود وەرگرتنە لە بواری وێنەکێشان لە بزمار، ئەو بزمارەی بۆ کاری دارتاشی و یان هەر کارێکی دیکە بەکاردەهێنرێت. وەك لە وێنەکاندا دەبینن چۆن دەتوانێت بە هۆی بزمار وێنەی چەندین کەسایەتی جیهانی بنەخشێنێت.

ئەمەش بە دانانی بزمار بە بەرزی و نزمی، تا توانی وێنەیەکی جوان و سەیری وێنەکێشی جیهانی (داڤنشی) بکێشێت، وەك سەرسامییەك و وەفایەك بۆ ئەو وێنەکێشە گەورەیەی مێژوو و جیهان.







# ترسناکتــ






# دیوارە یان ئوتۆمبێل؟

ئەوەی دەیبینن دیوارێك نییە لە کەرپووچ دروست کرابێت، تەنانەت نابێ حیسابی دیواری بۆ بکەین، چونکە ئوتۆمبێلێکە بۆ هاتۆچۆ و گواستنەوە بەکار دێت، تەنیا شێوەی دەرەوەی لە هەر ئوتۆمبێلێکی ئاسایی جیاوازە و دەبێتە شتێکی سەیر بۆ بەرچاوی خەڵك.

ڕەنگە کەسێك لە دەرەوە ببینێت و بڵێت: ئەم دیوارە بۆ دەڕوات ! لەلایەن کۆمپانیایەکی ڕووسی ئەو ئوتۆمبێلە دروست کراوە و لە جۆری (لادە)یە، ئێستاش وەك یادگارییەك لە بەردەمماڵی کەسێك لە ویلایەتی کالیفۆرنیا دانراوە بۆ جوانی!

## ـــەر دارەوە

کەچی دەبێ باوەڕ بکەین ئەوە ئوتێلێکە و لەســەر دار دانراوە، گشــت لایەنەکانی ئەو ئوتێلە لە دار دروســت کراوە و، لەگەڵ ئەوەشــدا لــە ســەرەوەی دار دانــراوە لە دارســتانێکی وڵاتی مالیزیا، ئەو وڵاتەی بە گەشت و خۆشی ناسراوە، بۆیە بوون بە خاوەن ئوتێلی سەردارەکانیش.



## ـرین پـــێشبڕکێ



یەکێك لە ســەیرترین پێشبڕکێکانی جیهــان بریتییە لەو پێشــبڕکییەی بە جۆرێك جێگەی ترسناکی و سەرسامی گشت خەڵکە، پێشــبڕکێیەکە بریتییە لە شــکاندنی دەســت و قاچ و گشت شــوێنێکی جەستەی مرۆڤ بۆ ئەوەی خەڵکی دیکــە خۆی لێــوە وەربگرن. ئــەوەی دەیبینن چەنــد دیمەنێکە لەم پێشبڕکییەی لە وڵاتی (ئوسکوتلەندا) ئەنجام دەدرێت، پێشبڕکییەش بریتییە لە خۆهەڵدانی کۆمەڵە کەسێك لەسەرەوەی شوێنێکی بەرز بەرەو خوارەوە، ئەوەی بە ســەلامەتی بگات و زوو بگات دەبێتە خاوەن خەڵاتی پێشــبڕکێیەکە، لەگەڵ ئەوەی چەندین کەس تووشی مردن و یان حاڵەتی تەندرووستی خراپ دەبنەوە!



## پیاوێــک بووە دایکــی دوو منــداڵ







تۆماس بیتی، ئەو پیاوەی لەسەرەتای هاتنی بۆ سەر دونیا بە رەگەزی مێ بوو، دوای ئەوەی هەوڵی دا خۆی بکات بە پیاو کەچی هەوڵەکان ســەری نەگرت و، دوای چەندین نەشتەرگەری بە ئەنجامێکی دوور لە مەبەســت کۆئەندامی مێیینــەی بەهێزترە لە نێرینە. بۆیە شــێوەی لە شێوەی پیاو دەچێت و کەچی کۆ ئەندامەکانی لە ئافرەتە، دوو ساڵ لەمەوبەر هاوسەریەتی لەگەڵ ئافرەتێــك بەنــاوی (نانســی) پێکهێنا، دوای ئەوەی نانســی توانای منداڵبوونی نەبوو، بۆیە پیاوەکە هەڵســا بە دانانی سپێرمی پیاو لە ناو ســکی خۆی تا ساڵی پار منداڵێکی بوو، بەڵام ئەمســاڵیش پێدەچی کاکە تۆماس، منداڵێکی دیکەی ببێت و ببێتە دایکی دوو منداڵ.



## پیاوی دووپشک

ئــەوەی ئەو دیمەنە ببینێــت بێگومان باوەڕ نــاکات، لــەوەی چۆن ئەو پیــاوە دەتوانێت جووڵەی لەم شــێوەیە ئەنجام بدات، تەنانەت کەسێك نییە ئەم جۆرە جووڵەیەی پێوە ئەنجام بدرێت. وەکــو دەبینن لە وێنەکە پیاوێکی بە رەگەز کامیرۆنی، ئێستاش لە وڵاتی ئیسپانیا ژیان بەســەر دەبات، دەتوانێت قاچەکانی لە ژێر دەســتی بەرەو پشتی سەری ببیات و لە سەرەوەش لەناو یەکتری بنێت. ئەم پیاوە ناوی (کاریب)ە و ئەمەش بە مانای (دووپشــك) دێت بە زمانی خۆیان، وەکو دووپشك دەتوانێت خۆی بچەمێنێتەوە و دیمەنێکی سەیر نیشان بدات. بەمەش دەبێتە یەکەم کەس بتوانێت ئەم جۆرە جووڵەیە ئەنجام بدات.



# دارەکـــــانیش ڕا دەکەن

ئـــەوەی دەیبینن مرۆڤ نییە بۆ ئەوەی ڕا بکات، هیچ شێوەیەك نییە لەوەی بە دەست دروست کرابێت، چونکە بریتییە لە دارێکی ســـەربەخۆ و لە خۆیەوە گەورە بووە، بەڵام شێوەیەکی جوانی لەخۆوە دەگرێت، دیمەنی دارەکە وەك کەسێك وایە ڕابکات و هەڵبێت. ئەو دارە لە شـــوێنێکی چـــۆڵ لە وڵاتی مۆریتانیا دۆزراوەتـــەوە و چەندین وێنەی گیراوە و لە جیهاندا بڵاوکراوەتەوە، بەمەش دەبێتە یەکەم دار ڕا بکات.

## دوو جۆرە جەنتای سەیر



دروستکردنی کەرەستە سەیرەکان بە چەندین شـــێواز دەردەکەون، ئەمەش لە ڕێگـــەی ئەو بیرۆکە ســـەیرانە دروست دەکرێت و دەبێتە کەرەستەیەك بـــە جێگـــەی سەرنجراکێشـــی و جوانی خەڵـــك، ئەوەی دەیبینن دوو جۆرە جەنتـــای دەســـتە، بەڵام بە شـــێوازێکی جوان و ســـەیر دروست کـــراوە. شـــێوەکانیش بریتییـــە لە جەنتای یەکەم، لە شـــێوەی گۆشت دروســـت کراوە، ئـــەوەی لە دوورەوە سەیری بکات وەك پارچە گۆشتێك دەردەکەوێت، ئەوەی دووەمیش لە گژ و گیای وشك کراوە دروست کراوە.

## خانووی مەنجەڵ




خانووەکان بە چەندین شـــێوازی جیاواز و سەیر دروست دەکرێت، ئەوەی دەیبینن مەنجەڵی دۆڵمە نییە، دەتوانین لە ناو ئەو مەنجەڵە کۆمەڵێك خەڵـــك دانێن نەوەك بۆ ئەوەی بکوڵێن، بەڵکو بۆ ئەوەی ژیان بەســـەر ببەن، واتە ئـــەو مەنجەڵە خانووە نەوەك مەنجەڵـــی خواردن. ئەمەش یەکێکە لە شـــێوازەکانی دروســـت کردنی خانووە سەیرەکان، لە شێوەی مەنجەڵ دروست کراوە و جوانییەکی بەرچاو، و سەیر لە خۆ دەگرێت.

## بۆ ئاســـــوودەیت

☺ - پیاوێك بۆ جاری یەکەمی دەبێت دەچێتە ســـینەما، لە ســـینەما فیلمێك نیشان دەدرێت (گا)یەکی سەر شێت بە دوای خەڵك دەکەوێت، پیاوەکەش چەکی لەلا دەبێت و دەســـت دەکاتە تەقە کردن، خەڵکەکە پێیدەڵێـــن : کاکە ئەوە چییە و بۆ وادەکەی ئـــەوە فیلمە و هیچ نییە... پیاوەکەش دەڵێت: خۆ منیش دەزانم فیلمـــە، بەڵام ئەو گا سەر شێتە چوزانێت فیلم چییە!

☺ - جارێکیان دوو هـــاوڕێ بەیەکەوە دەبن، یەکێکیان دەڵێت: من زۆر ڕقم لەو کەســـە دەبێتەوە کاتێك من شتێك دەڵێم، ئەویش دەڵێت منیش..
هاوڕێکەی دیکە دەڵێت: وەڵڵا منیش!



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

دیدارێکی سۆزداری لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشت ئەوێت دەبێتـــە هۆی نەمانی ئەو نیگەرانییەی کە ماوەیەکە هەســـتی پێ دەکەی. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێزتر دەبن و چەند کەسێکی نوێ دەناسیت. چەند پاداشتێکت پێ دەگات بەهۆی ئەو کارە باشانەی کە ئەنجامت داون.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هێندە بە توندی هەڵســـوکەوت مەکە لەگەڵ ئەوانەی خۆشـــت ئەوێن، لەبەر ئەوەی ئەوانە بەردەوام لەکاتە ســـەختەکاندا بەهاناتەوە دێن. ئەوەنـــدە بیر لەڕابردوو مەکەوە تەنیا سوود لەهەڵەکانت وەربگرە. هەوڵ بدە دڵی ئەو کەسانە خۆش بکەی کە دڵتەنگت کردوون.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێـــش ئەوەی هـــەر کارێك ئەنجام بدەی،بەباشـــی بیر لەئەنجامەکـــەی بکـــەوە. ئامادەبوونـــت لەبۆنەیەکی کۆمەڵایەتیـــدا دەبێتـــە هۆی ناســـینی کەســـێك کە لەداهاتوودا زۆر ســـوودی بۆت دەبێت. سنورێك بۆ خەرجیەکانت دابنێ و ئەوەندە پارە خەرج مەکە لەبەرئەوەی لەداهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

توانات هەیە ئەو گۆڕانکاریانە ئەنجام بدەی کە لەمێژە بیـــری لێدەکەیتەوە و پێت وایە پێویســـتن، ئەم ماوەیە زۆر باشـــە بۆ دەســـت پێکردنی ئەو گۆڕانکاریانە. ئەم هەفتەیـــە زۆربەی کاتەکان دڵت خۆشـــدەبێت و پێکەنین دەبێتە هاوڕێیەکی بەردەوامی تۆ.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢


ئـــەم ماوەیە چاوت بەکەســـێك دەکەوێـــت کە لەمێژە هیواخوازی ببینی، یادەوەری بەشـــێکی ســـەرەکی ژیانی تـــۆی داگیرکـــردووە و بۆتە هـــۆی ئەوەی خەڵك واهەســـت بکەن تۆ لەدونیایەکی تایبەت بە خۆت دای. چەند نهێنیەکت بۆ ئاشکرا دەبێت کە حەزدەکەی بیزانی.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خۆشەویستەکەت تورەت دەکات کاتێك داوای وەڵامی چەنـــد پرســـیارێکی تایبەتت لـــێ دەکات و تۆش حەزناکەی بیدرکێنی. هەســـت بە ماندووبوون دەکەی بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆرە پشـــووت نەداوە باشترین ڕێگاش بۆ حەسانەوەت گەشت کردنە بۆ شوێنێکی خۆش و ئارام.

ئا/ هێمن قەسرەیی



## ئاسۆیی:

١- ڕاهێنەری کۆچ کردووی عێراق خاوەن وێنەی یەکەم.
٢- گردێکی سلێمانی (٢).
٣- پێنج پیتی لە نەرمۆلە- بێ دەنگ.
٤- ڕەگەزێکە(پ)- نیوەی نازە- یانەیەکی بەرازیلی یە(پ).
٥- ناوی یەکەمی گۆرانی بێژێکە( وڵاتێکی ئەوروپییە.
٦- سێ پیت سالار- نیل(ت) — یانەیەکی قەتەرییە.
٧- سێ پیتی هابیل- ڕێگا- گیانلەبەرێکە.
٨- شاعیرێکی عەرەبیە(پ) کۆ کردووە(پ).
٩- خواردنەوەیەکە- جۆرە قوماشێکە.
١٠- یاریزانێکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیە(پ)-چلکن(پ).
١١- دوو پیتی یەن- ڕووبارێکە لە ئەوروپا(پ).
١٢- دەرهێنەرێکی کوردە.

## ستوونی:

١- یاریزانێکی هەڵبژاردەی ئێرانە خاوەنی وێنەی دووەم.
٢- شمشال ژنێکی کۆچ کردووە(پ).
٣- خزمێکە- شاعیرێکی کوردبوو.
٤- کاوڵ- شارێکە لە مەغریب(پ).
٥- بەرهەمێکی نەوتە-شاروچکەیەکی کوردستانە.
٦- نیوەی عامر- یانەیەکی ئینگلیزییە(پ).
٧-کاسب(ت) یەکەم شت کە خوای گەورە دروستی کرد(پ).
٨- وڵاتێکی ئاسیایە(پ)- سەر بەخۆیە عەرەب(پ).
٩- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبیە(پ)- ژێر(پ).
١٠- نیس(ت)- خێزانی فیرعەون.
١١- وڵاتێکی ئەفریقیە(پ)- ناوێکی کورانە.
١٢- ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی یە بەرەگەز ئێرانییە.

**ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی**

## بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئارایشتگایەکە لە شاری هەولێر)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچوانەی مێ)
- پیتی خانەکانی (٧+٨+٩+١٠+١١) کۆبکەیتەوە بە مانای (ناوی دووەمی گومرگی گەورەی نێوان کورستان و تورکیا)
- پیتی خانەکانی ( ٧+٨+١٠+١١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەسپ بە زمانی عەرەبی)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ڕۆماریۆ) بوو




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی ئاڵۆز لەژیانتدا، ئەم هەفتەیە هەست بە دڵخۆشیەکی زۆر دەکەی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی خەمەکانی ڕابردووت لەیاد بچنەوە. خێزانەکەت ئێستا زۆر پێویستیان پێت هەیە بۆیە پێویستە بەشداری بکەی لەیارمەتیدانی کەسە نزیکەکانت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دەست خۆشیەکی گەورەت پێ دەگات ئەگەر لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا کۆتایی بەیەکێك لەکارەکانت بهێنیت. کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانت و کەسە نزیکەکانت بەسەر دەبەی. زۆر بیر لەپەیوەندیی سۆزداری دەکەیتەوە دوای مەخە و رازی دڵت بە بەرامبەرەکەت بڵێ.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەڕووی سۆزدارییەوە هەست بە ئارامی دەکەی ئەمەش دوای پێکهاتنەوەت لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا. چەند دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری تایبەت بەڵام وا باشترە پێش دەست پێکردنی کارەکان وردەکارییەکی تەواو لەهەموو بوارەکاندا بزانیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کەمێك گۆڕانکاری بکە لەشێوازی بەڕێوەبردنی کارەکانت . بەنیگایەك سەرنجی بەرامبەرەکەت بۆ خۆت ڕادەکێشی و پەیوەندیەکی سۆزداری دروست دەبێت. گشت نهێنیەکانت لای کەس ئاشکرا مەکە با خۆشەویستترین کەسیشت بێت. ئەم هەفتەیە هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات..



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە خۆت دوورەپەرێز گرتووە و لەهەواڵی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیشت ناپرسی،پێویست ناکات بەبێ هیچ هۆیەك وا لەخۆت بکەیت.تۆ بەکەسێکی خۆشەویست و بەوەفا لای دەوروبەرت ناسراوی بۆیە هەوڵ بدە گۆڕانکاریت بەسەردا نێت و وەك خۆت بمێنیتەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

سروشتی تۆ وایە لەهەموو ڕوویەکەوە حەز دەکەی جیاواز بیت لەگەڵ دەوروبەر تەنانەت لەپێکەنین و قسەکردن و ڕۆیشتنیشدا. بۆ سەرنجراکێشانی خەڵك زۆر بایەخ بەروخسارت دەدەیت بەڵام پێویستە لایەنی تریشت لەیاد بێت . بە بێ هۆ لە کەس تووڕە مەبە و دڵی کەس مەشکێنە

hemntoni@yahoo.com